زنجیرە ڕێنماییەکانی دێرین   ژمارە ١٠

ئایا خۆشەویستی ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)

بە پێشکەوتنە یان بە شوێن کەوتن؟

لە بڵاوکراوە خێریەکانی

پەرتوکخانەی دێرین لە سۆران

07504128220

ژمارەی مۆڵەت ١

پێشەکی

الْحَمْدُ للَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ وَالصَّلاةُ والسَّلامُ عَلَى رَسُولِهِ الأَمِيْنِ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أجْمَعِينَ وَبَعْدُ.

بێگومان شەیتان هەمیشە لە هەوڵی لە خشتە بردنی مرۆڤەکانە سەرەتا هەوڵ دەدات کەوا کافر و بێ باوەڕیان بکات ئەگەر پێی نەکرا هەوڵ دەدات کەم تەرخەمیان پێ بکات لە ئاستت عیبادەتدا ئەگەر هەر پێی نەکرا ئەم جارەیان بە پیلانێکی نوێوە دێتە مەیدان ئەویش زیادە ڕەوی کردنە واتە هەوڵ دەدات لە سووننەتێکی پێغەمبەری خودا ﷺ لایان بدات و زیادەڕەویان پێ بکات، وە یەکێ لەو زیادە ڕەوییانە بریتیە لە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی باشترینی پێغەمبەران محمد ﷺ با ئەم نووسراوەی خوارەوە بخوێنینەوە بزانین حوکمی چییە؟

حوکمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەری ئازیز ﷺ

ئێمە وەکو موسڵمان واجبە لەسەرمان کە هەمیشە بە قورئان و فەرموودە ڕاستەکانی سەروەرمان عیبادە تەکانمان بە ئەنجام بگەیەنین واتا نابێت لە خۆمانەوە عیبادەت ئەنجام بدەین و بە شێوەیەکی ئاسایی وەری بگرین، بۆ نمونە نابێت ئێمە نوێژی بەیانی بکەین بەسێ ڕکات لە کاتێکدا لە سێیەم ڕکاتدا هەر قورئان دەخوێنین و سووجدە دەبەین بەڵام ئەمە دروست نییە لەبەرئەوەی لە فەرمانی پێغەمبەری خودا ﷺ لامان داوە، کەواتە دەبێت ئێمە بە پێی بەڵگە عیبادەت ئەنجام بدەین وە ئەگەر بەڵگەی لەسەر نەبوو ئەوا وەرناگیرێت و ڕەت دەکرێتەوە هەروەکو پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمووێت: ﴿ مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ ﴾[1]

واتە : ﴿ هەرکەسێك کردەوەیەك ئەنجام بدات و فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوە وەرناگیرێت و ڕەت دەکرێتەوە ﴾ .

جا یەکێ لەوشتانەی پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی پێ نەکردووە و لەم ڕۆژگارەدا ئەنجام دەدرێت بریتییە لە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەری خودا ﷺ با

---

[1] (أخرجة مسلم : ١٢ / ١٦).

سەیر بکەین و بزانین لـە هـیچ ئایـەتێك لـە ئایەتـەكانی قورئانـدا یـاخود فەرموودەیـەكی پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمان بەم شتە كراوە بێ گومان نەخێر , وە بگرە لەوەش زیاتر هیچ یەكێ لە خولەفای ڕاشدین ﴿ ئەبوبـەكر و عـــومـەر و عوسمان و عەلی﴾ ﷺ ئەم كارەیـان ئەنجام نەداوە وە لە دوای ئەوانیش هیچ یەكێ لەچـوار مەزهەبـەكان: ﴿ ئیمـامی شـافعی و ئیمامی مـالـیـكو ئیمامی ئـەحـمـەدی كـوڕی حـەنـبەلو ئیمـامی ئـەبــو حـەنیــفە﴾ (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) كەسیان ئەم كارەیان ئەنجام نەداوە كەواتە بۆمان دەركەوت كەوا ئەم یـادە شتێكی داهێنراوە و نەك هەر پاداشت وەرناگیرێ لەسەری بەڵكو هەڕەشەی ئـاگـری لـێـكـــراوە لـــە لایـــــەن پێغەمبـــەری خـــودا ﷺ هـــەروەك دەفــەرموێت :

﴿ .... وَكُـلُّ مُحْدَثَـةٍ بِدْعَـةٌ وَكُـلُّ بِدْعَـةٍ ضَـلاَلَةٌ وَكُـلُّ ضَـلاَلَةٍ فِـي النَّـارِ﴾[٢]

واتە : ﴿ هەموو تازەگەرییەك لە دیندا داهێنراوە (بیدعەیـە) وە هـەموو بیدعەیـەكیش گومــڕایـیــە هەموو گومڕاییەكیش بۆ ئاگرە ﴾ .

كەواتە بۆمان دەركەوت ئەم یادە وهەر شتێكی تر كە پێغەمبەری خودا ﷺ فـەرمانی پـێ نەكردبێـت هەڕەشەی ئاگری لێی كراوە هەروەك لە فەرموودە شیرینەكەی پێغەمبەری خوداوە ﷺ بۆمـان دەركەوت . پێویستە خۆمانی لێی بپارێزین .

هەندێك بیانووی بەتاڵ بۆ ئەنجامدانی ئەم كارە

یەكەم : دەڵێن كاتێك ئێمە ئاهەنگ دەگێڕین خۆشەویستی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بـە پێغەمبەری خودا ﷺ وە پێغەمبەری خودامان ﷺ خۆشـدەوێت تـۆ چـۆن ڕێگریـان لێـی دەكەیت لەو خۆشەویـــســـتـی دەربڕینە؟

وەڵام لە چەند ڕوویەكەوە :

١ - ئایا تۆ گومانت هەیە لەوەی كەوا ﴿ ئەبوبـەكر و عومـەر و عوسمـان و عـەلی ﴾ ﷺ پێغەمبەری خودایان ﷺ خۆش نەویستبێت؟ وە ئایا گومانت هەیە لەوەی كەوا

---

[٢] (اخرجة النسائي في سننة : ٣ / ١٨٨ والحديث اصلة في مسلم : ٣ / ١٥٣).

﴿ ئیمام شافعی و ئیمام مالیك و ئیمـــــــام ئەبوحەنیفە و ئیمام ئەحمەد ﴾(ڕەحمەتی خوایان لێبێت) پێغەمبەری خودایان ﷺ خۆشنەویستبێت؟ ئایا تۆ لەوان زیاتر پێغەمبەری خودات ﷺ خۆش دەوێت ؟ ئەی بۆ ئەوان ئەم کارەیان نەدەکـــــــرد ؟ نەخێر سوێند بە خوا ئەوان گەلێك لە ئێمە زیاتر پێغەمبەری خودایـان ﷺ خۆشویستـووە، بـــەڵام ئـەوان دەیـانزانی خۆشویستن شوێن کەوتنە نەك یادکردنەوە لە ساڵێکدا یەك جار .

خوای گەورە دەفـەرموێت :﴿ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣١ ﴾ آل عمران: ٣١ واتە : ﴿ بڵـێ - ئـەی پێغەمـەری خـودا ﷺ- ئەگەر ئـێوە خواتان خۆش دەوێت ئەوا شوێنی من بکەون ئەوکاتە خوای گـەورەیش ئێـوەی خۆش دەوێت وە لەتاوانەکانیشتان دەبوورێت وە خوای گەورە لێبوردە و بـە بـەزیی یـە ﴾ .

هـــەروەها ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت :

لَوْ كَانَ حُبُّكَ صَادِقًا لَأَطَعْتَهُ   إِنَّ الْمُحِبَّ لِمَنْ يُحِبُّ مُطِيعٌ

واتە : ﴿ ئەگەر خۆشەویستییەکەت ڕاستەقینە بێت بۆی - پێغەمبەری خودا ﷺ - ئـەوا گوێڕایەڵی دەکەیت چونکە بە ڕاستی خۆشەویست بۆ خۆشەویستەکەی گوێ ڕایەڵە ﴾ .

٢ - زۆر سەیرە خۆشویستنی پێغەمبەری خـودا ﷺ تـەنها یـەك ڕۆژ لـە سـاڵێکدا یـادی بکـەیـنـــەوە و خۆشەویستی بۆ دەربڕین لە کاتێکدا ئەو لە هەموو نوێژەکانیدا داوای لێی خۆشبوونی بۆ تۆ دەکـــــرد و تۆی لە یاد نەکردووە بەڵام تۆ لە سـاڵێکدا تـەنها یـەك جـار یادی دەکەیتەوە بەڕاستی سەیرە .

دووەم: یاخوت ئەم ئایەتە ئەکەنە بەڵگە کە پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧ ﴾ الأنبياء: ١٠٧ وا تـە: ﴿ تۆمان نەناردووە تەنها بە ڕەحمەت نـەبێت بۆ هەموو جیهان ﴾ . دەی کەواتە ئێمە یادی لــە دایـــــك بوونی ئەو ڕەحمەتە دەکەینـەوە وەك بەرز ڕاگرتنی ئەو پێغەمبەرە ﷺ؟

وەڵام : پەروەردگار فەرموویەتی ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ ﴾ نەی فەرمووە ﴿ وَمَا خَلَقْنَاكَ ﴾ واتە ناردنی پێغەمبەری خودا ﷺ (ڕەحمەت) بووە نەك لە دایك بوونی واتە تۆ نابێت ئاهەنگ بۆیادی لە دایك بوونی بگێڕی بەڵكو بۆ ناردنی گەر ڕاست دەكەیت !! . لەبەرئەوەی لە نێوان لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ و بوون بەپێغەمبەرایەتی دا ماوەیەكی زۆر هەیەكە﴿ چل ﴾ساڵە !!!

سێیەم : ئێمە ئەمە وەك هۆكاریك بۆ بانگەشە كردن بۆ ئیسلام بەكاردێنین بۆ حەرامە ؟

وەڵام : هەروەكو ووتمان هەر شتێك پێغەمبەری خودا ﷺ نەیكردبێت ئەوا زیادە ڕەوییە وە هەموو زیادەڕەوییەكیش گومڕاییە زۆر سەیرە ئێوە بەگومڕایی بانگەشەی خەڵكی بكەن بۆ ئیسلام، ئایە پێغەمبەری خودا ﷺ نافەرموێت: ﴿... وَكُلُّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ وَكُلُّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ ﴾. بەڕاستی سەیرە گومڕایی ببێتە بانگەشەكردنی خەڵكی بۆ ئیسلام!!

چوارەم : دەڵێن وایە ئەم یادە پێغەمبەری خوا ﷺ نەی كردووە بەلاّم لەم ڕۆژگارەدا بۆدژایەتی كردنی بێ باوەڕان زۆر زۆر پێویستە ! ! !

وەڵام : ئاینی ئیسلام ئاینێكی گشتی و هەمیشەییە واتە بۆهەموو سەردەمێك و كا تێك دەگونجێت وە قورئانیش بەرنامەیەكی وەهایە كەبۆهەموو سەردەمێك بگونجێت بێ گومان پەیڕەوی كردنی لە سەردەمی خۆمانیشدا زۆر گونجاوە و پێویستە لەكاتێكدا قورئان فەرمانی بەوشتەنەكردووە ئەوە تۆچۆن دەڵێیت بۆئەم سەردەمە زۆر زۆر پێویستە گەر پێویست بوایە ئەوە بێ گومان پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی پێی دەكرد دیارە تۆ لەو زیرەكتری وا دەڵێت بۆ ئەم سەردەمە زۆر زۆر پێویستە ئایە پێغەمبەری خودا ﷺ لە یادی چووە كە وا فەرمانمان پێ بكات پەنا بە خوا گەر ئەو قسەیە بكەین.

پێنجەم : دەڵێن ئەی بۆچی گاورەكان یادی لەدایكبوونی عیسا(علیه السلام) دەگێڕن بۆ ئێمە بۆ پێغەمبەری خۆمانی ﷺ نەگێڕین ؟

وەڵام : سبحان الله ! زۆر سەیرە موسڵمان دین لە قورئـان و سـوونەتەوە وەرنـەگرێت بەڵكو دین لــە گاورەوە وەربگرێت ! من پێت دەڵێم تۆ موسڵمانیت و گـاور نیـت، تـۆ شوێن پێغەمبەری خـودا ﷺ كەوتوی نەك شوێن كەوتەی گاورەكان بیت .

بۆ كردنی ئەم یادە دوو مەرج پێویستە

١- دیاریكردنی ڕۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەری خودا ﷺ چونكە تـاكو ئێسـتا ڕوون نییە لە چـــی ڕۆژێكدا لە دایك بووە بەڵكو جیاوازییەكی زۆر هەیـە لـە نێوان زانایانـدا هەندێكیان پێیان وایە كە لـــە (مانگی ڕەمەزاندا) لـە دایـك بـووە وە هەنـدێكی تریـان پێیان وایە لە (٨ ی ربیع الاول) لە دایك بــــووە وە هەندێكی تریان پێیان وایە لە (٩ ی ربیع الاول) لە دایك بووە وە هەندێكی تریان پێیان وایـــــە لە (١٢ ی ربیع الاول) لە دایك بووە كەواتە جیاوازی هەیە لە ڕۆژی لەدایك بوونیدا بۆیە ناتوانــیـن ڕۆژی ئەو یادە دیاری بكەین و ئاهەنگی تیا بگێڕین .

٢ – گەر ڕۆژەكەیش بزانرێت و ڕوون بێتەوە ئەوا پێویستی بە بەڵگە هەیە لەسەركردنی ئەو كـــرداره لەبەرئەوەی پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت :

﴿ هەركەسێك كردەوەیەك بكات و فەرمانی ئـێمـەی لەسەر نەبێت ئەوا ڕەت دەكرێتەوە ﴾ (اخرجه مسلم : ١٢ / ١٦) . لە كاتێكدا هیچ یەكێك لــەودوو مەرجەی تێدا نییە، كەواتەپێویستە لەسەرئێمەی موسڵمانی شوێن كەوتەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە باوەڕ بەوشتـــەهەڵبەستراوە نەكەین .

٣ – هەروەك ووتمان كەوا ڕۆژی لە دایك بوونی پێغەمبـەری خـودا ﷺ زانـراو نییـە، بەڵكو لـــە لای زانایان (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) جیاوازی هەیە، بـەڵام خـۆ ڕۆژی وەفاتی ﷺ هیچ جیاوازییەكی تێدا نییە، هەموو زانایان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی لە (١٢ ی ربیع الاول) وەفـاتی كـردووە، ئـــەی باشـە ئـەو كەسـانەی خۆشـی خۆیـان دەردەبڕن لە (١٢ ی ربیع الاول) بە بۆنەی لە دایك بوونیــــــەوە ئەوە بۆ ساڵێك خەم و خەفەتی خۆیان دەرنابڕن بەرامبەر بە وەفاتی ﷺ لەو ڕۆژەدا ؟!!!

ئاگاداركردنەوەیەك :

دروست نییە ئێمە بەخشینەوەی شیرینی و خێر تایبەت بكەین بەم ڕۆژەوە، لەبەرئەوەی هاوەڵە بەڕێزەكانی (ڕەزای خوایان لێبێت) هەڵنەساون بەم كارە، وە ئەگەر یەكێك شیرینی پێداین ئەوا با بە جوانترین شێواز فێری بكەین كەوا ئەم یادە لە دیندا نییە، وە پاشان شیرینیەكەیشی نەخۆین، چونكە وەرگرتن و خواردنی هەر خواردەمەنییەك بەم بۆنەیەوە ئەوا ڕازی بوونی خۆت دەنوێنی بەرامبەری.

پەروەردگارمان دەفەرموێت : ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ ﴾ المائدة: ٢ واتە : ﴿ یارمەتی و كۆمەكی یەكتری بكەن لەسەر چاكە و لە خوا ترسان وە یارمەتی و كۆمەكی یەكتری مەكەن لەسەر تاوان و دوژمنایەتی ﴾ .

لە كۆتایی دا بە خوێنەری خۆشەویست دەڵێم :

ئەم نوسراوە تەنها لە پێناو خۆشەویستی و بەرگری كردن لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ نوسراوە بە بێ هیچ مەبەستێكی شاراوە، ئەگەر ئێمە بەڕاستی پێغەمبەرمان ﷺ خۆش بوێت و تەنها گوفتار نەبێت بە زیندوو كردنەوە وشوێن كەوتنی سوننەتەكانی خۆشەویستی خۆمان بسەلمێنین، زیندووكردنەوەی سوننەتەكانی وەك : چەكێكی كوشندە دژ بە دوژمنانی بە كاربهێنین، نەك بە زیندووكردنەوەی چەند بیدعەیەك بە ناوی عیبادەتەوە كە دەبێتە هۆی دڵخۆش كردنی دوژمنانی پێغەمبەر ﷺ بە تایبەت سەرەكی ترین دوژمن كە شەیتانە.

سوفیانی سەوری (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ئەفەرموێت : ﴿ الْبِدْعَةُ أَحَبُّ إِلَى إِبْلِيْسَ مِنَ الْمَعْصِيَةِ , الْمَعْصِيَةُ يُتَابُ مِنْهَا وَالْبِدْعَةُ لَا يُتَابُ مِنْهَا ﴾ (مجموع الفتاوى : ١١ / ٤٧٢) .

واتە : ﴿ بیدعە خۆشەویسترە لەلای شەیتان لە تاوان، چونكە تاوان تەوبەی لێ دەكرێت، بەڵام بیدعە تەوبەی لێناكرێت ﴾ .

لەوتەی پیاو چاکەکان سەبارەت بە بیدعە

قال ابن عمر: ﴿ كُلُّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ وَإِنْ رَآهَا النَّاسُ حَسَنَةً ﴾. صححه الألباني .

واتە : ﴿ هەموو بیدعەیەك گومراییە ئەگەر خەڵكیش بە باشی بزانن ﴾

قال الفضیل بن عیاض : ﴿ مَنْ جَلَسَ مَعَ صَاحِبِ بِدْعَةٍ لَمَ يُعْطَ الْحِكْمَةَ ﴾ .

واتە: (هەركەسێك دابنیشێت لەگەڵ خاوەن بیدعەیەكدا ئەوە دانایی پێی نەبەخشراوە)

قال ابن مسعود : (رضي الله عنه) (اتَّبِعُوا وَلاَ تَبْتَدِعُوا " فَقَدْ كُفِيتُمْ) [٣] واتە: شوێن سوننەتی پێغەمبەری خودا ﷺ بكەون و شت لە ناو دیندا زیاد مەكەن چونكە شوێن كەوتنی سوننەت كیفایەتەو پێویست بە بیدعەو شتی زیاد ناكات ،

ئیمامی مالك (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: (من ابتدع في الإسلام بدعة يراها حسنة فقد زعم أن محمداً ﷺ خان الرسالة، لأن الله يقول: ﴿ ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ ﴾ فما لم يكن يومئذ ديناً، فلا يكون اليوم ديناً).[٤] واتە: هەر كەسێك بیدعەو زیادەیەك لە ئیسلامدا دابهێنێت و گومانی وابێت كارێكی باشە و بیدعەیەكی حەسەنەیە ئەوە ئەو كەسە گومانی وایە كە پێغەمبەر ﷺ خیانەتی كردووە لە گەیاندنی ئەم دینە، چونكە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ئەمڕۆ دینم بۆ تەواوو كامل كردوون (بە هیچ شێوەیەك نابێت لێی زیاد بكرێت هەر وەك چۆن نابێت لێی كەم بكرێت) بۆیە هەر ووتەو كارێك لەو ڕۆژەدا دین نەبووبێت ئەوە بە هیچ شێوەیەك ئەمڕۆ نابێت بە دین.

داواكارین لە خودای پەروەردگار هیدایەتمان بدات بۆ شوێن كەوتنی پێغەمبەری خۆشەویستمان (محمد ﷺ) وە بەدوورمان بخات لە گشت شتێكی داهێنراو بەناوی دینەوە ئامین.

(((((وصلى الله على محمد و آله وصحبه وسلم)))))

---

[٣] رواه الطبراني بسند صحيح .

[٤] بڕوانە: الإعتصام، للإمام الشاطبي، ٦٥/١.